# بەرچنەی یادگارەکان



عەلی نارێنی
alinarini@yahoo.com

**لە بەغدا**

**لە نزیکی چاوی دیجلە**

**لە کاتێکدا تەنیاو ماندوو دانیشتبووم**

**بادەی خەمم ئەڕشت و**

**نیگاکانم ئەگۆڕیەوە بە تەلیسم**

**کچێکی چاو ڕەش پێی ووتم**

**باوەشی من نیشتمانە**

**وەرەو سەرخەوێك بشکێنە**

**وەرە منیش وەکو تۆ..چەشنی دیجلە**

**سەرم پڕ لە ئەندێشەیە**

**سنگم پڕە لە سۆزو..دڵیشم پڕ لە تاسەیە**

**منیش وتم**

**ئەڕۆمەوە بۆ لای ئاسکەکانی شێروانە**

**ئەوان لە نەسڵی عیشقێکن**

**سۆزیان کە کەف وکوڵی کرد**

**هێندەی رووباری دیجلەیە**

**لە کەرکووك**

**بە سەر جادەی عەرەفەوە بە رێککەوت**

دەستم بەر دەستی کچێکی ژیکەڵە کەوت

جوان بوو وێنەی گوڵە باخ و..

شیرین وبۆن خۆش و... ناسك

لەو ساتەدا وهەر بە رێککەوت

دەفتەری خەیاڵی چەند ساڵەی

خۆمی پەڕە...پەڕە کردو...

فەرهەنگێك خەیاڵی رەنگاڵەیی پێ بەخشیم

پڕ بوو لە حەزی گەورەو..شیعری کەسك

لە خانەقین

بە سەر پردی ئەڵوەنەوە

کچە کوردێ

چەپکێ گوڵی سووری دامێ و..

خۆمی لە بیر بردمەوە

لەو رۆژەوە

روو ئەکەمە هەر لایەك

هەر گوڵێکی سوور ئەبینم

ئەو کچەم بیر ئەکەوێتەوە

لە گەرمیان

لە باوەشی کفریا

نیگاو سەرنجم پەخشان بوون

بە سەر بالاَی شۆڕەژنێکدا

گەردن کێل و..

گەلێ میهرەبان ودەلال

من پەرۆش بووم بۆ بینینی

تەنیا نیگایەکی چاوی

کە چاوی ئەو پەرێشان بوو

شەلاَڵ بوو

بە سورمەی خەمی ئەنفال

له شارەزوور

له شینایی پێدەشتەکەی

(خاك وخۆڵ)

له کچێکی شوانکارەم پرسی

ئاوەدانی له کوێیه

وتی غەریب درەنگ هاتی

ئێستا هەوارمان خاڵییه

وتم ئەی ئەم بۆنی عەتره له کوێوەدێ

پێکەنی ووتی بۆ نازانی؟

ئەوه بۆنی تەڕی عیشقەکەی(نالی)یه

له هەڵەبجه

له ولاّتی برین ورەژوو کەسەر

تۆزێك بەلای راسته دەستی

قیبله نومای سوجدەکەی(عومەری خاوەر)

ژنێك له کارخانەی خەم ئەچوو

دیتم بینێکی قوولّی خواردبۆوه

چوومه پێشێ ولێم پرسی

هۆ بەگزادەی عێلی جاف

بۆچی وا رەنگت پەڕیوه...؟

بۆ ئەم ترسه له روخسارت نابێتەوه؟

وتی رۆڵه هەرگیز خەمی خۆمم نییه

بەلاّم ئەترسم جارێکی تر

نه وەلی و..نه شەمێکی تر

لەو کەژەوه دەر نەکەون و..

له کوێستانان نەیەنەوه

له سلێمانی

له سەر جەستەی درێژی شارێی سالم

له كاتێكدا خومار بووم و..
بینم نابوو به خەیاڵی خۆمەوە
له پڕێكدا خانمێكی عەیارو چاو بەڵەك
به چرپەیەك ئاوڕی پێ دامەوە
كه كاتێكیش به جێی هێشتم
وەكو بەفری بەر هەتاوی چیاكەی گۆیژە
بووم به شەتاوێك له وشەو..
به سەر لەپی دەفتەرەكەمدا توامەوە

له كۆیه
له شارەكەی خاڵه تایەر وحاجی
ئێوارەیەكی پاییزی دانیشتم
جگەرەیەك پێبكەم
دیقەتم دا نەونەمامێك
به كۆڵێ خەمی سوورەوەو..
له ژێر سێبەری چەقۆدا شپرزەیە
ڤیژەی له دەنگی زولاڵی حاڵی بێتاوانی ئەچوو..
چاوانیشی پڕبوون له رۆندكی ستەم
لەو كاتەوە شیكایەتی ئەو ئاهووە
بۆتە شیعرێكی درێژ
ساڵ بەو عەیام ئەینووسمەوەو
هەر تەواو نابێ و..
هێشتا وشەی بۆ رۆ ئەكەم

له هەولێر
له پیرە شاری قەلاّ
راستتر بڵێم له لای راستی ریشەكەی مستەوفیەوە
وردتر بڵێم له سەر یەكێك له پلیكانەكانی
مێژووی باپیرە گەورەمان
قەیرە كچێك له ژێر هەوری پەچەوە
ئەیرِوانیە نێو ئاسمان

ئاگام لێبوو سکاڵای بوو

له دەستی بەخت وناوچاوان

کۆمەڵگای بەر نە فرەت ئەدا،

بریندارى هەژارى بوو

له بێکەسیدا ونببوو..و..

دەست وبازووی نەعرەتەشی رادەوەشاند

بۆ رووخانی کۆشکی سوڵتان